# نەورۆزنامە

سەعی سەقزی



وێنە لە Bild Unicefs. Från katalog

# نەورۆز

زستانم بینی
لەبەر تریفەی مانگەشەو
دانیشتبوو
بە دووگیانی

ئارام، ئارام،
لەسەرخۆ
کراس و پاپەجانەی
زێوینی ئەچنی

وتم : کۆرپەکەت چی ناو ئەنێی
وتی : نەورۆز

وتم : گوێزەبانە چیمان پێئەدەی
وتی : گوڵەگەزیزەی نەکەرۆز

وتم : قەدەمی لەتۆ،
کراس و پاپەجانەکان لە خۆی و
نەورۆزیش لە گشت هۆز
ببێت پیرۆز!

ستۆکهۆڵم




**وێنە، کاری کاک مزەفەر نامداری.**

## نەورۆز و بەهار

ئەمڕۆ ڕۆژێ پیرۆزە
ئەمڕۆ، جەژنی نەورۆزە
نەورۆز سەرەتای ساڵە
وەرزەکەیشی بەهارە

بەهار وەرزێ شیرینە
دەشت و چیا ڕەنگینە
مەلان بێچوو هەڵدێنن
لە نێو باخان دەخوێنن

دەرختان چرۆ دەکا
گوڵ و میوە دەردەک
شارو گوندان سەراسەر
پڕ لە بەهرەی خۆی دەکا

هاڕەی تەراکتۆری دەشت
چوونی خەڵکی لە بۆ گەشت
دەنگەدەنگی بەرخ و کار
گەلێ خۆشە لە پاش وەشت

ئەمڕۆ ڕۆژێ پیرۆزە
ئەمڕۆ چەژنی نەورۆزە

# ساڵی نوێتان پیرۆز بێ!






وێنە لە ساڵنامەی ( Timoteus D.Felger –Fölag ) وەرگیراوە.

لە زستان بێزاری؟
ئاشقی بەهاری ؟
شەیدای شیناوەرد
کەیلی گوڵزاری

بەهاری رەنگین
گوڵزاری نەخشین
ئەشق و دڵداری
بەفرۆ ئەژین

2004/3/17






## بەهار و زستان

چرۆ و سیخوار
درەختان دادەپۆشێ
یەکیان دەبێت بە میوە
ئەوەدی وەک کریستاڵ دەدرەوشێ






Vinter och vår

Rimfrost och knoppar
täcker och täck träd
en annan blir frukt och
andra glittrar som kristall.

27/11- 2000

## پیرۆزبایی ؟

چاوەروانی کە بڵێم ساڵی تازەت پیرۆز بێ
چی رۆیوە، چی تاتووە کە تازە بێ؟
خوا هەر خوایە و ئێمەیش کۆیلەکەی پێش
سەرم لەم شادی کردنەت گێژ دەبێ!

ستۆکهۆڵم